**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٨١٠٧ لە ٢٠٢٥/٦/١٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بڕگەی (ت) لە بەشی (٣٦) لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ هەمواركراو و بەركاركراو لە هەرێمی كوردستان بەپێی یاسای ژمارە (٣٦)ی ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (١٥) لە ڕێنمایی دیاریكردنی شێواز و قەبارەو ناوەڕۆكی تابلۆی ئۆتۆمبێل لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٥**

**ڕێنمایی دیاریكردنی شێواز و قەبارە و ڕەنگ و ناوەڕۆكی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری**

**ماددەی یەكەم: پێناسەكان**

مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێكردنی ئەم ڕێنماییە ئەم مانایانەیە كە بەرامبەریان دیاریكراوە:

١- **تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:** تابلۆیەكە لە كانزای ئەلەمنیۆم دروستكراوە بە ماددەیەكی پلاستیكی ڕەونەقدار ڕووپۆش كراوە بە قەبارەو شوێنی دیاریكراو لە پێشەوەو دواوەی ئۆتۆمبیل جێگیر دەكرێت.

٢- (IRQ): كورتكراوەی عێراقی فیدراڵ (Iraq)

٣-(KR): كورتكراوەی هەرێمی كوردستان (Kurdistan Region)

٤- (G): كورتكراوەی وشەی میری (Government)

٥- **كۆد:** كۆدێكی دوو پیتییە (پیتی لاتینی) تەرخان دەكرێت بۆ سەرۆكایەتییەكان و ئەنجومەنی دادوەری و هەر وەزارەتێك یان فەرمانگەیەكی نەبەستراو بەوەزارەت.

**ماددەی دووەم:**

مەبەست لە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە ڕێكخستنەوەی دابینكردنی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میرییە كە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی كوردستان تەرخان دەكرێت و لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بەپێی ستاندارد و پێوانەكانی هاتوو لەم ڕێنماییە چاپ دەكرێت.

شێواز و پێوانە و نووسین و ڕەنگی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری.

**ماددەی سێیەم: جۆر و پێوانەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:**

١- تابلۆی (كورت) بە پێوانەی (٣٢٠ملیمەتر * ١٦٠ ملیمەتر) دەبێت كە لە پاشكۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٢-تابلۆی (درێژ) بە پێوانەی (٨, ٥٢٠ ملیمەتر * ٦, ١١٢ ملیمەتر) دەبێت كە لە پاشكۆی ژمارە (٢)ی ئەم ڕێنماییە هاتووە.

٣-ئەستووری هەردوو جۆری تابلۆی خاڵی (١ و ٢)ی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە (١ ملیمەتر) دەبێت.

**ماددەی چوارەم: ڕەنگ و پێکهاتەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری:**

**یەکەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری لە شەش خانە پێک دێت (دوو پیت و چوار ژمارە) سەرەڕای چاپکردنی پیتی (G) و هێمای (-) داش.

**دووەم:** نووسینی سەر تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری (ژمارەو پیت و داش و هێڵەکان) بە ڕەنگی رەش چاپ دەکرێت

**سێیەم:** رەنگی باکگراوندی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بە رەنگی سپی دەبێت و خانەی هێمای (IRQ) و (KR) بە رەنگی (شین) دەبێت کە لەلای چەپی تابلۆکە دەبێت.

**ماددەی پێنجەم: شێوازی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بەم شێوازەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** هێمای (IRQ) لە بەشی سەرەوەی لای چەپی تابلۆکە بە شێوەی ستوونی چاپدەکرێت بۆ هەردوو جۆری تابلۆی (کورت و درێژ).

**دووەم:** هێمای (KR) لە بەشی خوارەوەی لای چەپی تابلۆکە چاپ دەکرێت بەشێوەی ئاسۆیی و دەکەوێتە ژێر هێمای (IRQ) بۆ هەردوو جۆری تابلۆی (کورت و درێژ).

**سێیەم:** ژمارەی تابلۆکە لە لای راستی تەنیشتی هێمای (کۆد) و پیتی (G) چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری درێژ.

**چوارەم:** ژمارەی تابلۆکە لە لەژێر هێمای (کۆد) و پیتی (G) چاپ دەکرێت لە تابلۆی جۆری کورت.

**پێنجەم:** هێمای (کۆد) لەگەڵ پیتی (G) جیا دەکرێتەوە بە هۆی دانانی هێمای (-) داش لە نێوانیان.

**شەشەم:** هێمای (کۆد) پێش و لای چەپی ژمارەی تابلۆ چاپ دەکرێت.

**حەفتەم:** هێلۆگرامێکی سکیوریتی لە نێوان هێمای (کۆد) و پیتی پیتی (G) لە دوای (-)ەکە.

**هەشتەم:** تابلۆی ئۆتۆمبێلەکە بەبێ هەبوونی هیچ هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان پیت و کۆد و ژمارە چاپ دەکرێت جگە لە هێلی ستوونی لەلای چەپی تابلۆ کە هێمای (کۆد) و پیتی (G) و هێمای (-) داش و ژمارەی تابلۆ لە هەردوو هێمای (IRQ) و (KR) جیادەکاتەوە.

**ماددەی حەفتەم: ئەحکامە کۆتاییەکان**

**یەکەم:** هەر یەک لە دامەزراوەکان زنجیرە ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری تایبەت بەخۆی دەبێت و لە ژمارە (١) دەستپێدەکات.

**دووەم:** لەکاتی بەستانی تابلۆی ئۆتۆمبێلی میری بەپێی ئەو رێنماییە، دەبێت پاکانەی سزاو پێبژاردنەکان بکات کەلەسەر ئۆتۆمبێلە میرییەکەیە لە ئەنجامی سەرپێچی هاتووچۆ.


**سێیەم:** وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بە دیاریکردنی (کۆد)ی هاتوو لە خاڵی (٥)ی ماددەی یەکەمی ئەم رێنماییە و لەسەر تابلۆی ئۆتۆمبێل چاپدەکرێت.

**چوارەم:** کار بە هیچ ڕێنمایی و بەیان و نووسراوێکی دیکە ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە رۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیــری ناوخۆ**

( ١ )




( ٢ )

